شەپۆلی باران بارینی بەلەزمە هەفتەیەکە ڕووی لە ئیسپانیا کردووە

ئەو شەپۆلی باران بارینە بەلەزمەیەی ماوەی هەفتەیەکە ڕووی لە ئیسپانیا کردووە، ئەمجارە ناوچەی کەتەلۆنیای باکووری ئەژهاتی وەاتەکەی گرتەوە.

بەهۆی بارانی بەلەزمەوە کە دوێنێ ئێوارە لە شارەکانی بەرسەلۆنا، جیرۆنا و تاراگۆنا دەستیپێکرد و هەتا کاتەکانی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەردەوام بوو، هاتوچۆ ئەو هەرەمە هاگیرا.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری فڕۆکەخانەکانی ئیسپانیا AENA، لە ڕاگەیاندراوەکدا بەاویکردەوە کە بە 81 لیتر باران لەسەر مەترێک چوارگۆشە فڕۆکەخانەی نەودەوەتیی بەرسەلۆنا باریوە و ئاو چووەتە ناوچەیەکی زۆری فڕۆکەخانەکە.

بەرپرسانی ناوچەکە باس لەوە دەکەن کە بەهۆی زیانەکانی لافاوەکەوە لانیکەم 50 گەشت هەوەشێندراوەتەوە و 17 فڕۆکە لە فڕۆکەخانەکانی دیکە نیشتوونەتەوە.

هەروەها بە بەرگرتن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، کەمپانیای هێلی ئاسنینی Renfe، بلاویکردەوە کە لە هەرەمی کەتەلۆنیا بە ماوەیەکی کاتی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لە دەرەوەی شار ڕاگیراون.